# جەنگاوەرە ئەنفالچییەکان

# لەئەنفالکراوەکان بەڕێز ترن, کەواتە بۆ لەئایندەمان نەترسین ؟!

**عومەر محەمەد**

مەریوان وریا قانع لەوەلامی پرسیارێکدا دەلێت: ( ئێمە لەکۆمەلگایەکدا هەناسە دەدەین, تیایدا قوربانیانوتاوانبارنی ئەنفال لەپالْ یەکدا دەژین, بەبیْ ئەوەی ئەم کۆمەلگایە بوێرێت باس لەم ڕاستیە تالە بکاتوپەنجە بۆتاوانبارەکانی ئەم جینۆسایدە ڕاکێشیْ, چجای ئەوەی ناچاریان بکات داوای کەمترین لێبوردن لە قوربانیەکان بکەن, یان لانی کەم حیکایەتی تێوەگلانی خۆیانوئەنفال بگێڕنەوەوپالنەرە سیاسیوکۆمەلایەتیوسایکۆلۆژیەکانی باس بکەن )

ئەنفال بۆ ئێمەی کوردتەنها پرۆسەیەکی کارەساتباروترسناکی ڕابووردوومان نیە, بەلکووتارماییەکی تاریكوترسناکیشە لەپێشمانەوە, ئەوەی کەمێك شارەزای بیری ناسیونالستی عەرەبێت لەوە تێدەگات کە بەم دنیابینیە شۆفێنییەی ئێستایەوە, لەداهاتووشدا چاوەڕوانی دەرفەتی ترە, هەروەك بەرلە سالی هەشتاوهەشت سکراکتۆری ئەنفالو کردەوەی بەعسیزم لەکوردستان, لەبێسەروشوێنکردنی بەرزانیەکانەوە دەستی پێکردو, سالی هەشتاوهەشتیش لەقەوارەیەکی گەورەتردا پرۆسەی ئەنفالی دوبارەکردەوە, ئەمرۆش کە کورد لەقۆناغێکی تردا دەژی, ناشێت بەو جیهانبینیەوە تەماشای داهاتووی خۆی بکات, کە مادام بەعس ڕوخا ئیدی لەگەلیدا سکراکتۆری ئەنفالوجینۆسایدیش چوونە گۆڕەوە, وەها جیهانبینیەك نەك هەرناتوانیْ خوێندنەوەیەکی دەقیق لە مەڕژیانو ئەنفالو جینۆسایدوەهەبیْ, بەلکو زەمینەکانی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانو سەرهەلدانەوەی هاوشێوەکانی بەعسیش بۆداهاتوو باشتر دەڕەخسێنیْ, چونکە هەرگیز ناشێت بەوە نەوەی داهاتوو لەخشتە بەرین کە هەموو کارەساتەکان بخەینە ئەستۆی سەرکردەکانی بەعسەوەو ئاوا دنیای ئێستاو ڕابوردوو بخوێنینەوە کە بەعس فاکتەری هەموو تراژیدیاکانە, بەپێچەوانەوە بەعس فاکتەرنەبوو بەلکو بکەرو کارەکتەری تراژیدیاکانمان بوو, زادەی مندالدانی سەردەمێکی پێشتری شۆڤینیزمی عەرەبیە, ئەوبیرە تاریکەی هەمووحەقیقەتەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە, بەعس ئەوکاتەی لەپالْ بەرزکردنەوەی دروشمی سوسیالیزمدا ڕێگاکانی فاشییەتی لەبەردەمی خۆی هەمواردەکرد, پشتی بەبیری شۆفێنیزمی عەرەبی قایم بوو, ئەمرۆناسیونالیزمیعەرەبی لەهەمووکات زیاتر دەستوپەنجە لەگەلْ توندوتیژیوبیری شۆڤێنیسی خۆی نەرم دەکاوخەونیکارەساتی گەورەتری لەهێرشی ئەنفالوجینوسایدی لەهەناوی خۆیدا هەلگرتووە, ئەمەش نەك هەرلەگەلْ کورد بەلکو لەگەلْ هەر دەنگوڕنگێکی تر کە ئەوبەنەیاری خۆی دەزانێت, ئاشکرایە کەنەیاریش لەدیدی شۆڤێنیزمەوە جا بەرگی هەرنەتەوەیەکی پۆشیبیْ هەر ڕەنگوڕوخسارێکی هەبێت, هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕیْ کەهەرنەیارێکی خۆی دەخاتە خانەی تاوانبارەوەو هەولی پاکتاوکردنی دەدا, شۆفێنیزم لەبنە ڕەتەوە لەناسیونالیزمی دینیەوە خۆی بەرهەمدێنیْو هەرلەوێشەوە ناخی ئینساندۆستانەی خۆی هەلتەکاندووەو بەرەو بەربەریەت هەنگاو دەنێتەوە. بەلام خۆشبەختانە ئەمرۆ هەلومەرجی سیاسی دنیا ئەو زەمینەیەبۆ ناسیونالیزمی عەرەبی ناڕەخسێنیْ تا بەبیانووی کێشەی ناوخۆییەوە دەستی ئاوالابێت, بەئاسانی ناتوانیْ خەونەکانی بێنێتەدی وکارەکتەریخوێناویو ناسیونالستی وەك سەدام حوسێن بۆنایەتەوە مەیدان.

ئەمرۆ کورد لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەکرانەوەیە بەڕووی دنیادا, لەهەموو کات زیاتر دەرفەتی لەبەردەمدایە خۆی لەکەلتوروفەرهەنگی ناسیونالیزمی عەرەبی دووربخاتەوەو چیدی نەچێتە ژێر ڕکێفو کاریگەریە سەلبیوترسناکەکانیەوە, بەئێچەوانەوە دەتوانیْ خۆی لە دابونەریتی ناسیونالیزمی عەرەبی رزگاربکات, دەتوانین پرکێشی لەوەش زیاتر بکەینو بلێن کورد ئەمرۆباشترین دەرفەتی لەبەردەمدایە بۆئەوەی بیری ناسیونالستی تێکبشکێنیْو لەپێشەوە لەحەوشەوبانی مالی خۆیەوە دەست بەم پرۆسەیەبکات, چونکە ناسیونالیزم دواجار خزمەت بەکوردناکاتەوەو دەیان دەرگای تری توندووتیژی بەڕووی ناسیونالیزمی عەرەبیدا دەکاتەوە, ئەمرۆ لەهەمووکات زیاتر پێویستە سیاسەتمەدارانی کورد قولْ لە کوشتنی بیری ناسیونالیزم هەلمالن, چونکە بەهێز کردنی بیری ناسیونالستی لە شوێنێکی وەکو عێراقدا ناسیونالیزمی عەرەبی (ئەوەی کەپێی دەوترێت نەتەوەی سەردەست) زیاتر لەهەرنەتەوەوکەمەنەتەوەییەکانی تری عێراق سوودمەند دەبێتو دواجار لەسەر سڕینەوەی نەتەوەکانی تریش کاردەکات, هەروەك بەعس تەنها بەتەعریبوتصحیح قومیە نەوەستا بەلکو ئەنفالوجینۆسایدیشی لەپێناوی وەهاستراتیژێکداکرد.

بۆئەوەیکوردئێستای باشتربکات لەدوێنیْ, پێویستە ئاوڕێکی جددی لە ڕابووردووی خۆی بداتەوە, ئەگەر گۆڕانکاریەکانی دنیاویەکلابوونەوەی جەنگی ساردنەبوونایە, ئەوا کورد لەدوای پرۆسەی نەگریسی ئەنفالەوە بەدەست سەرکێشیەکانی بەعسەوە لەبەردەم سڕینەوەی یەکجاریدا بوو, لەبەردەم وونبوونێکی ترسناکدابوو, ئەمرۆش کە دەرفەتێکی وای بۆ هاتۆتە پێشەوە وەك نەتەوە دەتوانیْ بەشداری دەسەلاتی عێراق بکات, تائەوکاتەی زەمینەی گونجاوی بۆدەرخسێت بۆجیابوونەوەوپێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ دەشێت لەهەموو نەتەوەوکەمە نەتەوەییەکانی تری ناوعێراق زیاتر بەرەوکرانەوەوکوشتنی دەمارگیریو مەرگیکارەکتەری ناسیونالستی خۆی بچێتو ئەم هەولەش بەرێتە ناوبوونیادی کۆمەلگەی عێراقییەوە, چونکە ئەوە کوردنیە بەتەنها بووەتە قوربانی بەدەست سەرکردە ناسیونالستە کەللە ڕەقەکانەوە, ئەوە بەتەنها جەستەی مرۆڤیکوردنیە گۆڕەبەکۆمەلەکانیان پڕکردووەتەوە, بەلام ئەوە کوردە

زۆرترین بەشی لەوکارەساتانە بەرکەوتووە, ئەوەکوردە جینۆسایدکراوەوئەنفالکراوەو زۆرترین قوربانی داوە, بەڵام دەشێت بە ئاسانی بڕوا بەوەنەکەین کەکۆمەڵگای عێراق کۆمەڵگای دوای کارەساتەکان بێت, کۆمەڵگای پاش جینۆسایدو ئەنفال بێت, ڕاستە ڕژێمی سەدام ڕوخاو زۆربەی سەرکردەکانی بەعس ئێستا والەزینداندن, بەڵام کارەکتەرە ئەنفالچیەکان, سەرکردەوئەفسەرو بەکرێگیراوە سەربازیەکان, زۆربەی جەنەڕاڵوپیاوانی ئەمنوموخابەرات, بەچەکەکانی خۆیانەوە, بەپلەوپایەی هەورازترەوە, بەهەمان لۆژیكوعەقڵیەتی بەعسەوە لەنێوماندا ئامادەن, لەودامودەزگا ئەمنیانەدا کاربەدەستن کە بڕیارە سەلامەتیمان بپارێزن! ئەوهۆکارە سەرەکیانەی بوونە فاکتەری بەرهەمهێنانی خودی بەعسوسەدامیان کردە سەرکردەیەکی کاریزمی, ئەوهۆکارانەی بوونە مایەی توندڕەویوئەوانەی ئەنفالیان خولڵقاند, ئەوکلتورەبوو تیایدا جەنگاوەرەکان لەعاشقەکان بەرێزتربوون, ئەمرۆش ئەوهۆکارانە هەموویان بەزیادەوە ئامادەن, بەجۆرێك ئەنفلچیەکان بەکوردوعەرەبەوە زۆر لەئەنفالکراوەکانوپاشماوەکانیان بەرێزترن!! هەڵبەت دوبارەبوونەوەی ئەنفال بەم جیهانبینیەی ئیستای ناسیونالیزمی عەرەبیەوە نەك هەرجێگەی مەترسیە, بەڵکو گریمانەیەکی زیندووشە لە ئایندەماندا, بەڵام بە پراکتیکی جیاوازترو لەپرۆسەی جیاجیادا. ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین لەعێراقدا بەکۆمەڵ بێسەرو شوێنکردن نیە, بەکۆمەڵ سوتاندنی دێهاتەکانی کوردستان نیە, بەکۆمەڵکوشتنی شارێك نیە بەگازی خەردەلوسارین, بەڵکو خۆتەقاندنەوەو تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلو سەربڕینو ئیغتساب کردنە, ئەمجارە بێدەمامكو بەئاشکرایە, دیارە خاوەنی ئەمدیدە, ئەگەربێتو دەستی ئاوالابێتو میکانیزمی دەوڵەمەندی لەبەردەستدابیّو خاوەنی تەکنەلۆژیای جەنگی بێت, کارەساتی زۆر گەورەتروترسناکتری لەئەنفالو جینۆسایدی لێچاوەڕواندەکرێت. هەروەك بینیمان لەدەرفەتێکی ڕەخساودا لەچەند چرکەساتێکی کەمدا لە11ی سێپتەمبەردا چ ڕقیکیان بەسەر ئەو مرۆڤانەدا باراند تەنها بەتاوانی ئەوەی هەوای ئەمریکا هەڵدەمژن, بینیمان هەموو ئەو تیرۆرستانەی دەستگیرکراون, چەندە لەخەسڵەتە ئینسانیەکانیان بەتاڵکراونەتەوە, لە تیزیەکانەوە گوێمان لێبوو بە ئیعترافی خۆیان بەچ غەفڵەتێکەوە دەجەنگنو کێدەکوژنوخۆشیان نازانن بۆ دەیکوژن ؟!. بۆیە خۆگونجاندنوموجامەلەکردن لەگەڵ مەرجەعی فیکری ئەمدیدە تاریکە بەتوندڕەوو میان ڕەویانەوە نەك هەرسیاسەتێکی مایەپووچە, بەڵکو تاسەرمۆخ مەترسیدارە, ئەمڕۆ کورد بەوە دەتوانیّ گرەوی ئینساندۆستی خۆی بەرێتەوە, بەوە دەتوانیّ لەمافە سیاسیونەتەوەییو ئینسانیەکانی خۆی بەهرەمەند بێت, کەنەبێتە بەشێك لەو کۆسپانەی لەبەردەم ئەومەعریفەی نایەوێت فیکر بە ناسیونالیزمو نەتەوەپەرستیو کۆنەپارێزیەوە گرێبدا, نایەوێت تەگەرە بخاتە بەردەم کۆمەڵگەی مەدەنی, مل نادا بەوکەلتوورەی کەمافی ئاسودەیی لەئەوانیدی دەسێنێتەوە.